## شارستانیەتی ماننایی

تا ئەم ساڵانەی دوایی دەگوترا كە پێتەختی ماننا‌كان لە دەور و بەری گوندی سەرا و رەحیم خانی سەرچۆمی مەجیدخان بووبێت. وا د وای توێژینەوەی ئەم دواییانە لە ئاسەوارەكانی گوندی قەڵایچی- هەندێ بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی سەرا و رەحیم خان، شوێنەوار ناسە ئێرانییەكان ناوی گوندی قەڵایچی وەک پێتەختی ماننا دەبەن، كە هەردوكیان لە نزیک بۆكانن.

ئەم یا ئەو، ماننا‌كان لە ناوچەی دەور و بەری بۆكاندا حوكمێكی بەرفراوانیان دامەزراندبوو، كە پێش هاتنی مادەكان بۆناوچەكە، دەسەڵاتی بەسەر دەیان "شار–دەوڵەت" دا دەڕۆیشت. ماننا‌كان لەگەڵ ئورارتورییەكان لە بەشی رۆژئاوای خاكەكەیان لە شەڕێكی هەمیشەییدا بوون بەڵام ئەوە ئاشوورییەكان بوون لە دوای چەند جار لەشكركێشانە سەر ناوچەكە، لە ساڵی ٧١٤ ی پێش زایین دا نزیكەی ٤٠ شار–دەوڵەتیان تا گوندی بۆگەبەسی باشووری بۆكان لێ وێران كردن و مادەكان بوون كە هاتن و حكوومەتەكەیان بە یەكجاری لێ هەڵوەشاندنەوە.

پان توركیستەكانی ئەمڕۆی توركیا، كە دەیانە وێ هەموو دیاردەیەكی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرنەوە سەر رەگەزی تورک، لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیان داوە خۆیان بە ماننا‌كانەوە ببەستنەوە و زمانی ماننا‌كان بە توركی دابنێن كە ئاشكرایە فڕی بەسەر راستیەوە نەداوە.

"مێژووی ماد"ی دیاكونۆف لە زۆر شوێندا باسی شارستانییەتی ماننا‌كان دەكات، ئەوەش هەر لە یەكەم دێڕی یەكەم لاپەڕەوە هەتا ناوەراستەكانی كتێبەكە و بەتایبەت فەسڵی دووهەم (ل ١٣٩ بەدواوە لە تەرجەمەی فارسیدا) ، هەروەها كتێبی فارسی "آذربایجان در سیر تاریخ ایران – از آغاز تا اسلام"نووسینی رحیم رئیس نیا باسێكی زۆری لە حكوومەتی ماننا‌كان كردوە و بە "كۆنترین دەوڵەتێكی موعتەبەری داناوە كە ئەو دەڵێ لەسەر خاكی ئازەربایجان" دانراوە (ل ١٣٩). رئیس نیا دەڵێ "ماننا" یەک لە رێكخراوە حكوومییەكاتی "لوللوبی – گوتی" بوە (ل ١٩٧) و دواتریش دەنووسێت لە نێوان ساڵانی ٨١٠ تا ٧٧٤ ی پێش زاییندا، هێزەكانی ئاشوور ١٤ جار هێرشیان كردە سەر خاكی ماننا (ل ١٩٨). رئیس نیا كە روانگەیەكی تا رادەیەک "توورانی" هەیە، لە لاپەڕەی ٢٠١ی كتێبەكەیدا ناوی یەک لە شاهانی ماننایی بە "ئازا" دەبات و دەڵێ *"ئازا" لایەنگریی ئاشوورییەكانی دەكرد*. زۆر واهەیە هەمان ناو بێت وا كوردان ئێستا لەسەر كوڕانی خۆیانی دادەنێن یا دەیكەنە نازناو بە واتەی بەجەرگ. لە لاپەڕەی ٢١٦ یشدا لە زمانی "ئاندرێ گودار"ی كۆنەوارناسەوە دەڵێ هونەری سەكایی لە بنەڕەتدا ماننایییە...

بڕوانە: رحیم رئیس نیا، آذربایجان در سیر تاریخ ایران- از آغاز تا اسلام (بخش اول)، انتشارات نیما، تبریز ١٣٦٨ (١٩٨٩)، فارسی

له پێوه‌ندی "مانناکان"دا گه‌لێک سه‌رچاوه‌ی دیکه هه‌ن و یه‌ک له‌وان "تاریخ مردم ایران" نووسینی دوکتۆر عبدالحسین زرین کوب و "تاریخ ایران زمین"ی دوکتۆر محمد جواد مشکور، که له به‌شه‌کانی دواتری ئه‌م زنجیره وتاره دا باسیان لێوه ده‌که‌م.

به‌داخه‌وه له سه‌رچاوه کوردییه‌کان و بۆ نموونه، له "خولاسه‌یه‌کی تاریخی کورد و کوردستان"ی ئه‌مین زه‌کی به‌گدا ئاماژه‌یه‌ک به مانناییه‌کان نه‌کراوه.